{ڕوونکردنەوەیەکی پێویست: (شرارەها) ناوی ڕادیۆیەکی فارسی زمانە لە ستۆکهۆڵم کە لە ساڵی 1992وە لە سوید بەرنامە پەخشئەکا. ساڵی 1998 ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ (مەنسور حکمەت)دا سازداوە. ئەسڵی ئەم باسە شەفەییە. ئەم دەقەی بەردەستتان لەلایەن (داریوش باغانی)وە لەبەر فایلی دەنگی ماڵپەڕی (روزنە)دا نووسراوەتەوە. فاتح شێخیش سەرلەنوێ لەگەڵ فایلە دەنگییەکەیدا بەراوردیکردووەو نووسیویەتیەوە. ئەمەش لینکی ماڵپەڕی (مەنسور حکمەت)ە : http://www.hekmat.public-archive.net/وەرگێڕ}

# سەبارەت بە ئازادی بەیانی بیروڕا

## گفتوگۆی ڕادیۆ(شرارەها)ی ستۆکهۆڵم لەگەڵ مەنسور حکمەت

(دەقی بەردەست لە کاسێت وەرگیراوە)

**بەشی دووهەم**

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حەمەغەفور**

جمشید اطیابی: ئاغای حکمەت ئێوە لە قسەکانتاندا ووتتان کە هەمیشە لە سەرەوە یانی لەلایەن دەوڵەتەوەیە کە سانسۆر ئەنجامئەدرێو هەقی ئازادی بەیان لە هاووڵاتیان زەوتئەکات. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم مافی ئازادی بیروڕایە لە کۆمەڵگایەکدا نەخرێتەژێرپێوە، دوو دیدگا لە ئارادایە؛ یەکێکیان ئەولەوییەتی ئازادی ئەدا بەسەر دیموکراسیداو دەڵێ لە ڕێگەی دابینبوونی ئازادی تەواوکەماڵەوەیە کە ئەشێ بە دیموکراسی واقعی واتە تەوزیعی عادلانەی داهات بگەیت لە کۆمەڵدا، تێڕووانینێکی تر کە دەڵێ بۆ ئەوەی کە ئینسان بتوانێ ئازادی بەیانی کامل تەئمینبکاتو بە کردەوە جێبەجێیبکات، پێویستە کە دیموکراسی بەمانای واقعیی خۆی- یانی دابەشکردنی عادلانەی سەروەتو هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتی تایبەتیو خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی- لە کۆمەڵگادا بەرقەراربێ. ئێوە لەمبارەوە چۆن بیردەکەنەوە؟ پێتوایە کە دیموکراسی لەبەرترە تا ئازادی یاخود ئازادی لەپێشترە لەچاو دیموکراسیدا؟

مەنسور حکمەت: ڕاستییەکەی ئەم پێناسەیەی کە تۆ بۆ دیموکراسی کردت لە فەرهەنگی زمانەوانی مندا ناوی سۆشیالیزمە. یەکسانی ئابووریو هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتی تایبەتی لە فەرهەنگی زمانەوانی مندا ناوی سۆشیالیزمە. بەڵام من لە مەبەستتان دەگەم. کەوایە ڕێگەبدەن من بە فۆرمۆڵەی سۆشیالیزم وەڵامی بدەمەوەو لەم زمانە کەڵکوەرگرم. ئایا ئازادی بەیانی بیروڕا شتێکە کە قەرارە دوای سۆشیالیزم تەحقیقببێ یاخود شتێکە کە خۆی ئامرازی تەحقیقبوونی سۆشیالیزمە؟ با بڵێین یەک کۆمەڵگای ئازاد. ئایا ئازادی بەیان پێشمەرجی کۆمەڵگایەکی ئازادە یا بەرهەمی ئەوە؟ من ئەگەر وادانێم پرسیارەکەی ئێوە بەمشێوەیە تێگەیشتم، لە چەند ڕستەیەکدا ئەتوانم وەڵامەکەی بڵێم. بەڕای من ئازادی بەیانی بیروڕا یەک هەقی فەوری، بێئەملاولاو هەمیشەیی هەر ئینسانێکە کە دێتەدنیاوە؛ چبڕیاربێ کۆمەڵگا بەرەو سۆشیالیزم بڕوا، چنەڕوا، چهەر شتێک سبەینێ

چاوەڕوانمانبێ، ئازادی بەیانو دەبڕین لە خودی خۆیدا موهیممە، لەزاتی خۆیدا مافێکی سروشتیو هەقێکی زاتیی هەر ئینسانێکەو پێویستە لە هەر سیستەمێکدا دابینبکرێ. بەمجۆرە نییە کە کەسێک بە من بڵێ: دۆستی عەزیز تەماشاکە، ئێمە لەپێناوی ئەمەی کە بە ئاراستەی سۆشیالیزمدا بڕۆین دەبێ لێرەدا بۆ نموونە دەمی کەسانێک داخەینو من بڵێم کە ئەها، مادامێکە ئەمانەوێ بەرەو سۆشیالیزم بڕۆین کەواتە قەیدی نییە با دەمی ژمارەیەک دابخەین. ئەمە بەشێکە لە حقوقی خەڵک. ڕێگام بدەن بە شێوەی کاتی من ئاوا پێناسەیبکەم: {ئازادی بەیانی بیروڕا} مافێکە کە بە سرفی وجودی ناسنامەی تەرەف وە نەفسی بوونیی(مەبەست بوونی فیزیکییە لێرەدا-و) کەسەکە، ئەو هەقە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. بڕیارنییە ئینسان مەعامەلە بۆ ئیعتیبارنامە بە کەس پێشکەشکات بۆ ئەوەی ئەم مافە وەربگرێ. هەر مرۆڤێک وەختێ لەدایکئەبێو پێئەخاتە سەر ڕووی زەوی مافی خۆیەتی لەگەڵ ئەم جیهانەی کە پێیتێناوە ئازادانە کاروکاردانەوەی هەبێ. هیچ کەسێکی دیکە هەقی نییە وە بۆی نییە کە بێتو ڕێبگرێ بە پەیوەندی ئازادانەی ئەم ئینسانە لەگەڵ موحیتی ژیانو دەوروبەریدا. بەمپێیە ئازادی بیروڕا یەک مافی دەسبەجێیە؛ لە هەر شوێنێک بێت. چسۆشیالیزمێک بەڕێوەبێ، چبەڵێنی کۆمەڵگایەکی ئازاد درابێو چنەدرابێ، مافێکە کە پێویستە هەر هەمان ئانو سات وەربگیرێو بشدرێ. بەبڕوای من ناکرێو ناتوانرێ بە شێوازو ڕەوشتی غەیرەئازاد هیچ کۆمەڵگایەکی ئازاد بهێنرێتەئاراوە. من وای بۆ ئەچم ناتوانرێ هیچ سۆشیالیزمێک بهێنرێتەئاراوە لە ڕێگای سنووردارکردنی ئازادی ئینسانەکانەوە لە کۆمەڵگای ئیستادا کە ئاراستەکەی بەناو ڕێگای جۆرێک لە نەبوونی ئازادیو جۆرێک لە داخران(انقیاد)دا تێپەڕێ. ئەگەریش لە مێژوودا شتی وا ڕوویدابێ ئەوە سۆشیالیزم نەبووە...(پچڕانی دەنگ) یا سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە یەک وڵاتدا هەیە، ئەمانە بەناوی سۆشیالیزمەوە کاریانکردووە. وەکو حاڵی حازر چۆن هەر کەس قووتئەبێتەوە دەڵێ من لایەنگری دیموکراسیم. ئێستا لە ناو ڕژێمەکانی دنیادا زۆر هەن لایەنگری دیموکراسینو خەریکە هەزارو یەک تەجروبە لە دیموکراسی دێتەئاراوە. بێگومان کەسێک کە دیموکراتە- لە گیومە- ئەتوانێ پێتانبڵێ کە ئەمانە دیموکرات نینو ئەمەش دیموکراسی نییە. سەبارەت بە سۆشیالیزمیش هەر هەمان شکڵە. خەباتی سۆشیالیستی لە هەر ساتێکیدا، یەک خەباتی ئازادیخوازانەو ئازادئەندێشانەیە. خەباتێک نییە کە بڵێم دەورانێکی سەختی هەیە، دەورەیەک دەبێ خۆشمانو ئەوانی تریش سانسۆرکەین، مەحدودییەت بکێشینو ئەسارەتو داخران تەحەمولکەین، ئیتر ئازادئەبینو ئینجا انشاءالله لەو کۆمەڵگا ئازادەدا ڕۆژێک دێینو ئازادی بەیانی بیروڕای خەڵکی دەگێڕینەوە بۆیان. ئازادی بەیانو ئازادی دەربڕین دەبێ هەر ئێستا وە لە هەر ڕژێمێکدا تەئمینبکرێ، مێژوو بە هەر ئاراستەیەکدا بیەوێ بڕوات.

**جمشید اطیابی:** ئاغای حکمەت، ئەم مەسەلەی کە ئێستا ئێوە خستتانەڕوو ڕاستە. لە لایەکی ترەوە دەبینین کە تەکنۆلۆژیو سەرمایە هێندە پێشکەوتوون کە هەر لە سەتەلایتەکانەوە بگرە تا دەگاتە ئەم ڕادیۆ محەللییەی ئێمە، بۆ بەیانی بیروڕای خۆیان بەکاردێنن. بەڵام ئەوانەی کەسەتەلایتیان هەیە ئەتوانن بەرنامەکانیان لە ئاستی ناوچەی جیاجیای جیهاندا پەخشکەن. ئێمە ئەو ئیمکانەمان نییەو هەرچۆنبێ لێرەدا باسی دیموکراسی لە پەیوەند بە مەسەلەی مالییەوە دێتەپێشەوە. واتە لە ڕووی ئابووریەوە ئێمە ئەو تواناییەمان نییەو ئەگەر ئەم ڕادیۆیە بیتوانیایە بۆ ئێران پەخشبکرایە، ئەو کاریگەرییەی کە ئەیتوانی دایبنێ لەبەرامبەر ئەوەی کە ئێستا تەنها لە یەک شاردا دایئەنێ لەسەداسەد جیاوازی دەکرد.

**مەنسور حکمەت:** لە قسەکانتان تێئەگەم. بەم مانایە کە تۆ ئەڵێی لەڕووی ماددیەوە، ئازادی بەیانو ئازادییە فەردییەکان بەمشێوەیە ناتوانێ تەحقیقببێ مەگەر ئەمەی کە یەکسانی لە کۆمەڵدا بەرقەراربووبێ کە هیچ ئیمتیازێک لەدەستی کەسدا نەبێو میدیاکان لەدەستی کەسێکدا چەقی‌نەبەستبێو ئەسڵەن سوودبینینی ئینحیساری(مۆنۆپۆڵی) لەئارادانەبێ. من ئەمە دەزانمو بەتەواوی قبوڵمە. بەڵام لەنێوان ئازادی بەیانی بیروڕا وەکو مافێک، وەکو هەقێک کە دەکرێ کەم یا زۆر سوودی لێوەربگیرێ، لەگەڵ ئازادی بەیانو دەربڕیندا وەکو یەک واقعییەت کە خەریکە هەررۆژە لە زیندەگی ئینسانەکان‌دا پراتیکئەبێ، ئەبێ جیاوازی دابنێین. کاتێ ئەڵێین ئازادی هەقێکە کە هەر لە ئێستاوە دەبێ ئینسان هەیبێ، لەئاستی شکڵی‌دا بەشێوەی مافێک هەر لە ئێستاوە ئەبێ هەتبێ. واتە تۆ دەتوانی بڵێی ڕاستە کە من وەکو (مرداک) *Keith Rupert Murdoch* میدیاکانم لەژێردەستدانییەو من ڕەئیسی *CNN* نیم یان ژورنالیستی *CNN* نیم یاخود سەرۆکی فلان ئەنجوومەن‌و پەرلەمان نیم‌و ناتوانم قسەکانم بەگوێی خەڵکی بگەیەنم، بەڵام ئەوە کێیە کە بەشێوەی سلبی ڕێگرە لەبەدەم قسەکردنی ئێمەدا؟ ئەگەر قسەبکەم لەگەڵ هێزی سەرکوتگەر بەرەوڕونابمەوە. یەک جیاوازی کە لەنێوان کۆمەڵگایەکی ئیستیبدادی وەکو ئێران لەگەڵ ئەوروپای ڕۆژاوا یا ئەمریکادا هەیە، هەر ئەمەیە. کە هەڵبەتە لێرەدا هەم نیسبی‌یە وە هەم بە هەزار کەڵەک دەمی ئینسان دائەخەن. وەلێ وادەرئەکەوێ لە کوللیەتی مەسەلەکەدا جیاوازییەک کە هەیە ئەمەیە کە ئەگەر لێرە قسەیەک بکەیت، دەنگتان بەگوێی کەسێک ناگات، بەلای قارەمانیتان‌دا ڕەتئەبن، بڵندگۆتان بەدەستەوە نییەو کارایی قسەتان کەمە. بەڵام پۆلیس‌و هێزی سەرکوت نایەت بەخاتری ئەو قسانەی کە کردوونت بتگرێو بتبات. لە کۆمەڵگایەکی وەکو ئێران‌دا، نەک هەر تەنها هیچ میدیایەکتان لە دەستدا نییەو دەنگتان ناگات بەگوێی کەسێک، بەڵکو ئەگەر گوزارشت لەسەر بدرێ کە قسەکانت تەنها بەگوێی دوو نەفەریش گەیشتووە، هەر بەو هۆیەوە کە قسەیەکی لەم چەشنەت کردووە، بەسرفی ئەوەی ئەم قسانەت کردووە ئیتر تۆ تاوانباریت‌و ئەخرێیتەژێر چاودێرییەوەو سەرکوتدەکرێی. هەبوونی ئازادی بەیانی بیروڕا بەم واتایەیە کە لە ڕووی یاساییەوە تۆ ڕێگەدراو بیت قسەی خۆت بکەیت. وای‌دانێ تۆ لە سوید ئەتەوێ فیلمێ بەرهەمبێنیت‌و تیایدا ڕەخنە لە دەزگای مەزهەب‌و ئایین بگریت، بۆ نموونە بڵێیت مەسیح لە خورافەیەک زیاتر نییە، یاخود مەسیح بوونی ماددیی نەبووە- لێکۆڵینەوە ئەمەی نیشانداوە- یا بەنیاز بیت شانۆگەرییەک دەربهێنی‌و دوایین وەسوەسەی مەسیح ڕوونکەیتەوە. ئەمە ئیرادێکی تیا نییە. لانی‌کەم لە هێڵی گشتی‌دا بەڕێوەبەری سانسۆر نایەت پێتبڵێ تۆ ناتوانی‌و بۆت نییە ئەم شانۆییە بەرهەمبێنی، تۆ ناتوانی ئەم قسەیە بکەیت، نالێ ئەمە پێچەوانەی یاسایە یا ئەتگرین زیندانت‌ئەکەین یا ئەشکەنجەت‌ئەدەین. لە ئێران بەم شێوەیە نییە. لە ئێران ئازادی بەیانی بیروڕا مافێکە وەکو یەک هەقی شکڵی؛ وە وەکو شتێک کە ئەگەر چی تۆ ئامرازو پارەت نییە کە لە ئاستی فراوان‌دا پراتیکی‌کەیت، وەلێ تەنانەت لانی‌کەم بەشێوەی گشتی تۆ ناتوانی قسەکانیشت بکەیت. لە ئێران بەیانی بیروڕاو ڕەخنە ممنوع‌و تابو و سنووردارە. جیاوازی ئەم دوو سیستەمە ئالەم شوێنەدایە. ئەڵبەتە [هەر وەکو ووتم] هەمان سیستەمی(ڕۆژاواش) هەم کاری تۆقێنەر دەکات، ئەم سیستەمە خانەنشین‌ئەکات، لەسەرکار دەرئەکات، هەموو کرێکاران ناتوانن قسەیەک بکەن دەربارەی ئەو شوێنەی کاری تێدائەکەن، لە بەرامبەر خاوەن کارەکەی‌دا ناتوانێ قسەیەک بکات، هەر کارمەندێک ناتوانێ هەرچی بخوازێ سەبارەت بە ئیدارەو سەرۆکی بیڵێ، ئەو ژورنالیستانەی کە لە میدیا جیاجیاکان‌دا کاردەکەن ئەگەر

ووتارەکانیان جێگای پەسەندی سەرەوە نەبێ پلەی شوغڵیان سەرناکەوێ، دەرەنجام یەک ڕەوشو شێوازی دیکە جگە لە پۆلیسو سوپاو ڕێکخراوەکانی سەرکوت بۆ کۆنترۆڵی بیروباوەڕو سانسۆری بیروڕا لەئارادایە. جیاوازی ئەم دووانە هەر ئەمەندەیە. من قسەی تۆ بەم مانایە بە تەواوی تێئەگەم. بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بە هەق هەر جۆرە ئازادییەک بە شێوەی ئیدیاڵو ئاسایی وە زامنبووی بەدەسبێنێ وە تەنانەت لە سوودبینین لە ئازادییەکانیشیاندا یەکسانبن، دەبێ بنەمای ئابووری کۆمەڵ لەسەر بنچینەی یەکسان دامەزرابێت. هیچ گومانێک لەمەدا نییە. بەڵام من وا تێگەیشتم باسێک کە ئێستا هەمانە،(زیاتر) سەبارەت بە هەقی ئازادی بەیانە تا پراتیکبوونی ئازادی بەیان. چونکە ئەگەر بەڕاستی بمانەوێ بەم ئاستە بگەین کە کۆمەڵگایەکی ئازادمان هەبێ کە لەڕووی بونیادو پێکهاتە ئابوورییەکەیەوە ئازاد بووبێ وە بەشێکی کۆمەڵ بۆ بەشەکەی دیکەی بێگارینەکات، پێشتر دەبێ قسەوباسی زۆر زیاترمان کردبێ لەم ڕژێمە داخراوەدا بەبێ بوونی هەر ئەم میدیاو ڕاگەیاندنانە. پێویستە لە دژی ئەم ڕژێمەی ئێستا ڕاپەڕین وە ئەمەش یەک واقعییەتە کە میدیاکانو دەزگاکانی ئەفکارسازی لەدەستی چینی دەسەڵاتدارادایەو شۆڕشێک کە دەبێ لە بەرامبەر ئەم سیستەمەدا بەرپابکرێ، دەبێ لە خاڵی هەڵسانی زۆر پایینترەوە دەسپێبکات، وەلێ سەرەتا پێویستە هەر لەم سیستەمەدا ئازادی بەیانو ئازادی بیروڕا بەدەسبهێنرێ. بەجۆرێک کە بتوانی لەڕێی ڕۆژنامە بچووکەکانو ڕادیۆ بچووکەکانەوە قسەکانی خۆت بکەیت. ئەمە خۆی یەک جیاوازی ماددییە. بەس تەنها بەمەی کە بۆ نموونە لێرە میدیاو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە دەستی چینی دەسەڵاتداردا کۆبۆتەوە، ئازادی بەیانی بیروڕا لێرە بە هەمان ڕادەی وڵاتێکی وەکو ئێرانو عەرەبستانی سعودی لەبەردەم تەهدیدکردندا نییە.

(ئەم گفتوگۆیە درێژەی هەیە)